ڤیان دێخیل: جیاوازییەکی زۆر لە مووچەی نێوان فەرمانبەرانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ هەیە

وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، جیاوازییەکی زۆر لە بڕی مووچەی نێوان فەرمانبەرانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ هەیە و حکومەتی عێراق جددی نییە لە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە ڕێگەی کارتی بانکییەوە.

ڤیان دێخیل، وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە میانەی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی کەناڵی "ئەلعابیع" ئاماژەی بەوەکرد: "عێراق وەاتەکی فیدراڵییە و حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی مووچەی مووچەخۆرانی دابەش بکات ".

ئەوەشی خستەڕوو، "حکومەتی عێراق جددی نییە لە بەنیشتیمانیکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و ئێگەر بە ڕاستی بیەوێت لە ڕێگەی کارتی بانکییەوە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیش بدات، پێویستە مووچەکانیان هاوتاوی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق بکرێت ".